## وەڵامی (کەمپینی راپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان)

## بۆ د. عەبدوالکەریم زیدان

ئەمینداری گشتی دەستەی زانایانی موسڵمان و زانای ئاینی ناسراو د.عەبدوالکەریم زێدان لە وتەیەکدا دابەش بوونی عێراق و جیابوونەوەلێی به حەرام داوەتە قەڵەم و رایگەیاندووە کە سزای شەرعی جیابوونەوە لە عێراق کوشتنە, هەروەها رایگەیاندووە ((ئەوەی هەوڵی جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق بدات مورتەدە چونکە بەگوێی دوژمنانی کردووە )) .

ئێمە لێرەوە وەك کەمپینی راپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان رایدەگەیەنین ,ئامانجمان ئەنجامدانی راپرسیە لە کوردستان , لە راپرسی نافەرمی ساڵی ٢٠٠٦ دا, کە بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان ئەنجامی دا ٩٩%خەڵکی کوردستان دەنگی بە جیابونەوە دا , وە کەمپینەکەی ئێمە تێدەکۆشێت بۆ بە پراتیك کردنی ئەنجامی ئەو راپرسیە .

ئەگەر ناوبراو پێی وایە ٩٩% ی گەلی کورد مورتەدە و هەقی کوشتن دەداتە نەیارانی دیاریکردنی چارەنووسی , ئەوا جیاوازی لەنێوان ئەو و بەعسییەکان ناکەین پێمان وایە ئەم فتوایە دژ بە هەموو پەیماننامەنێو دەوڵەتییەکانە و فتوایە بۆ ئەنجامدانەوەی جینۆساید بەرامبەر بە ویستی ٩٩%ی خەڵکی کوردستان ,لێرەوە داوا لە ناو براو دەکەین بە پەلە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات .

**کەمپینی راپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان**

**٢٨-١-٢٠١١**

**کوردستان-هەولێر**